# ناوەڕۆكی ڕاستەقینەی ئینجیلەكان

(بەشی شەشەم)



**نوسینی: كری ڤۆلف**

**وەرگێرانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی**

**ناسری ئەمین نژاد كردوویە بە كوردی**

## ئینجیلە بەتاڵكراوەكان

ئەو ئینجیلانەی كە كلیسا بەتاڵی كردنەوە، چییان تێدا بوو؟ دیارە هەموان لەبەردەستدا نەماون، چونكا بێگومان بەشێكی یەكجار زۆریان فەوتاون، زانایان و لێكۆڵەران تەنیا چەند دانەیەكیان دۆزیونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەو چەندانەوە كە لەبەر دەستدا ماون، دەتوانین ناوەڕۆك و ناوخنیان هەڵسەنگێنین.

هێندێ لەو ئینجیلانە هەر وەك خۆیان مانەتەوە و دەستیان لێ نەدراوە، وەك «ئینجیلی سێن تۆماس»، «ئینجیلی سێن ژاك» و دوو «ئینجیلی نیكۆدۆم». هێندێكیشیان تەنیا چەند پچڕپچڕێكیان لەبەر دەستدا ماوە. ژمارەیەكیشیان تەنیا هەر ناویان ماوەتەوە و ئیتر هیچ، ئەویش لە ناو كتێبە هاوچەرخەكانیاندا كە ئاماژەیان پێ كردوون. لێرەدا ئیشارە بە ناوی ئەو ئینجیلانە دەكەین كە هەر ناویان ماوەتەوە، یان ئەوانەیان كە چەند بەشێكیان لەبەر دەستدا ماون : «ئینجیلی میسرییەكان»، «ئینجیلی ئەبەدی»، «ئینجیلی ئاندرەی »، «ئینجیلی ئاپل Appele»، «ئینجیلی دوانزەدانە Des Deuze»، «ئینجیلی بڕنابە» ،«ئینجیلی بارتلمی»، «ئینجیلی بازیلید»، «ئینجیلی سێرنێت Cerinthe»، «ئینجیلی حەووا»، «ئینجیلی عیبرییەكان»، «ئینجیلی مانەوییەكان»، «ئینجیلی مارسیۆن»، «ئینجیلی



پێگەیشتوو Perfection»، «ئینجیلی فیلیپ»، «ئینجیلی پەترۆس»، «ئینجیلی تاتین»، «ئینجیلی ڤالێنتین»، «ئینجیلی سوورییاییەكان»، «ئینجیلی گەنجیەتی»، هەروەها «مێژووی لەدایكبوونی مریەم» و هتد... بەمجۆرە دەبینین كە گەلێك زۆرن ئەو كتێبە " پیرۆزانەی" كە كلیسا تووڕی هەڵداون و بە پووچەڵیان ناو دەبات. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێش، باشە بۆچی كلیسا ئاوایان ناو دەبات؟

لە سەرەتادا ڕەنگە وا بیربكرێتەوە كە لە نێوان ئینجیلە بەتاڵكراوەكان و "یاساییەكاندا" جیاوازیەكی هەرە بنەڕەتی هەبووە و كلیساش بۆخۆی وا دەڵێ. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆچوون و دەربڕینێكی ناڕاست و بێ ناواخنە. هەر ئەوەندە بەسە بێین و ئەو ئینجیلە بەتاڵكراوانەی كە لەبەردەستدان لەگەڵ ئینجیلە "یاساییەكان" پێكڕابگرین، دەبینین كە نەخێر، وا نییە و هیچ جیاوازییەكی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە.

با بۆ نمونە «ئینجیلی سێن تۆماس» و بابەتەكەی لەمەڕ تافی منداڵی عیسا بخەینە بەرچاو. ئەم ئینجیلە بە تێروپڕی باسی ژیانی منالیی عیسا، هەر لە پێنج ساڵییەوە هەتا دوانزە ساڵی دەكات. باسی ئەوەی تێدایە كە عیسا هەر لە منالییەوە مۆجزەی هەبوە. بۆ نمونە تێیدا هاتوە كە "ڕۆژێكیان عیسا لە قەراغ چۆمێكدا كایەی دەكرد، بە قوڕەسوور دوانزە چۆلەكە سازدەكا و پاشان حوكمی فڕینیان لێدەكات، ئەوانیش بەقسەی دەكەن و دەفڕن". جارێكی تر لەگەڵ منالان كایەی كردووە و لەناو زیخ و چەودا قوولكەی هەڵكۆڵیوە و پڕبووە لە ئاو، منالێك هاتووە و ئاوی ئەو قوولكەی دەرداوە، «كوڕی خوا» لەعنەتی لێدەكا و دەسبەجێ منالەكە ویشك دەبێ.

ئەوجۆرەی كە «ئینجیلی سێنتۆماس» دەگێڕێتەوە، عیسا تەنانەت مامۆستاكانیشی هەراسان كردبوو، بەدەستییەوە دەیانناڵاند. هەر ئەوەندەی عیسا دڵی لە یەكیان ئێشابا مامۆستای كلۆڵ دەمودەست تووشی قۆرت و چەرمەسەرییەك دەهات. ڕۆژێك مامۆستایەك كە لە دەست عیسا وەزاڵە هاتبوو چەپۆكێكی لێ ڕادەكێشێ... «كوڕی خوا» بە لەعنەتی دەكا و مامۆستای بەسزمان خێرا بەردەبێتەوە و دەمرێ.

عیسا هەر لە منالّییەوە مردووان دەژیەنێتەوە، نەخۆشەکان چاك دەکاتەوە، بە کورتی تەواو تەڕدەستە و لە مۆجیزە باش ڕاهاتووە.

ئینجیلە بەتاڵکراوەکانیدیکەش باسی گەلێك مۆجیزەی لەوە سەیروسەمەرەتر دەکەن. بۆ نمونە «ئینجیلی سێنژاك» بە دووروودرێژی حیکایەتی هەڵاتنی یوسف و مریەم و منالّە بەرمەمکانەکەیان بەرەو میسر دەگێڕێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە شیر و پلینگەکان لە بەژ و بیاباندا ئاگایان لەم «خێزانە پیرۆز»ە بووە و ڕێپیشاندەریان بوون. کاتێ مارەکان شالاّویان بۆ دەبەن، خێرا بە ئیشارەی عیسا دەکشێنەوە و کەوی دەبن. ڕۆژێکیان ئەم چەند سەرخێزانە پیرۆزە دەچنە بتخانەیەك، هەر خێرا و دەمودەست ٣٥٥ بت بەلادا دێن و وردوخاش دەبن. هەموو حیکایەتەکانی دیکەشیان هەر لەم جۆرەن.

ئینجلی عەرەبیش گەلێك ئەفسانەی هەر لەو جۆرەی تێدایە، یەکیان ئەمەیە: "ڕۆژێك، جنۆکەکان لاوێکیان کردبوە بارگیر، هەر ئەوەندەی عیسا سواری دەبێ، دەسبەجێ دەچێتەوە قاپوڕەکەی خۆی و دەبێتەوە بە ئینسان"!

بێگومان خوێنەر دەڵی ئەمانە هەمویان ئەفسانە و هەڵبەستەن، ڕاستە، بەڵام ئاخر چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئەم ئەفسانانە و ئەو حیکایەتانەی کە لە ئینجیلە یاساییەکانیتردا هاتوون؟ لەڕاستیدا ئەمانە هەموویان "بە پاك و بە پیسەوە" هەر لەتێرێکن. لە ئینجیلە پەسندکراوەکانیشدا گەلێك حیکایەتی لەو بابەتانە هەن، دەڵێن: عیسا لەسەر ئاویش وەك وشکایی دەڕۆیشت، دەستی بە چاوی کوێردا دەهێنا و چاکی دەکردنەوە، مردووی دەژیاندەوە و هەزاران مۆجیزەی سەیروسەمەرەیدیکەش. باشە ئەمانە چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەفسانەی ناو ئینجیلە بەتاڵکراوەکاندا هەیە؟

هەندێك لە ئینجیلە "بەتاڵکراوەکان" پێیان وانیە کە عیسا بوونەوەرێکی وەك ئینسان بووە و گۆشت و پێست و ئێسکی بووبێ. هەر بەم بۆنەوە زۆر بە کەمی باسی عیسای ئینسان و هەستان و دانیشتنەکانی دەکەن. ئەوانە عیسا وەك ڕۆحێکی ئاڵۆز و سیحراوی دەناسن، عیسا هەر لە بیچمی "ووشە"یەکدا دەناسێندرێ کە تەنیا ڕواڵەتێکی ئینسانیی



هەیە و بەس. لە دیانەتی مەسیحدا فیرقەیەك هەیە بە ناوی «دۆسەت Docete» ناوەکەیان لە«دۆکاین Dokein»ی یونانی وەرگرتووە. بەپێی فیرکردەکانی ئەم فیرقەیە عیسا بوونەوەرێکی سەر عەرزیی نەبووە، بەڵکو تەنیا "وێچووویێك" لە ئینسان بووە. بەر لە سەرهەڵدانی دیانەتی مەسیح فیرقەیەکی ئاینی ـ فەلسەفی دیکە هەبوو بە ناوی «گنۆستیك Gnostiquce». ئەم فیرقەیە پێی وابوو کە خوداش "کەلام"ی ئاڵۆز و سیحراوییە (Logos). لێرەدا بە ئاشکرا جێدەستی فیرقەکانی «گنۆستیك» و «دۆسەت» لەسەر هەندێك لە ئینجیلە بەتاڵکراوەکاندا دەبیندرێ. ڕەنگە بگوترێ ئەمە دووبەرەکی لە نێوان ئینجیلە یاسایی و پووچەڵەکاندا نابێتەوە. بەڵام ئەمەش ناتوانی هۆی جیاوازی و ناکۆکیەکان بێت، چونکا هەموو ئینجیلە بەتاڵکراوەکان بەو ڕوانگەوە نەنووسراون، هەروەها خۆ لە یەکێك لە ئینجیلە یاساییەکانیشدا (ئینجیلی یوحەننا) زۆر بە ئاشکرا شوێنەواری ڕوانگە و فیرکردەی گنۆستیکەکان دەبیندرێ. ئینجیلی یوحەننا بەم ڕستەوە دەستپێدەکات « لە سەرەتاوە ووشەکە بوو، ووشەکەش خۆی خودا بوو، ئەو هەر لەسەرەتاوە لای خودا بوو»[بەشی ١ و ئایەتەکانی ١ و ٢] بەمجۆرە دەبینین کە ئینجیلی یوحەنناش بەقەدەر هەر کام لە ئینجیلە بەپووچەڵکراوەکان ، سێبەری ڕوانگەی گنۆستیکەکانی بەسەرەوە بووە و کلیسا بەتاڵیشی نەکردۆتەوە. تۆبڵێی ئینجیلە بەتاڵکراوەکان بابەتەکانی لەمەڕ ڕەوشتی ئینسانەکانیان بەجۆرێکیدیکە و بەپێچەوانەی ئینجیلە یاساییەکان هێنابێتە گۆڕ، یاخود فیرکردەکانی عیسای مەسیحیان بەشێوەیەکی دیکە بەردەست خستبێ؟ گومان لەوەدا نیە کە لەناو ئینجیلە بەتاڵکراوەکاندا زۆر ناکۆکی و قسەی دژبەیەك لەسەر "پەند و ئامۆژگاریەکانی" مەسیح دەبیندرێ کە هێناویانەتە گۆڕێ و زۆربەیان دژن بەو دەقانەی کە لە ئینجیلە یاساییەکاندا هاتوون. بەڵام خۆ پێشتر دیتمان کە ئینجیلە یاساییەکانیش، هەر وان و هەر لاپەڕەیەکیان هەڵبدرێتەوە گەلێك ناکۆکی و جیاوازی زۆروزەبەندیان تێدایە. ئەگەر ئەوباریشی بگرین

خۆ لەراستیدا " فێرکردەکانی مەسیح" لە ناو ئینجیلە بەتاڵکراوەکان هەر بەوجۆرە خراونەتە بەرچاو کە لە ئینجیلە یاساییەکاندا پێشاندراون.

بەمجۆرە دەبینین کە لەراستیدا هیچ جۆرە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئەم دوو پۆلە ئینجیلەدا بەدی‌ناکرێ. جا ئەگەر کلیسا هاتووە بەرگی "بەپیرۆزبوونی" بە بەری هێندێکیان کردووە و بە داری "لادەری" و "پووچەڵبوون" وەسەر هەندێکیان گەڕاوە، ئەمە هەر لەبەر دیتن و مەسڵەحەتی تایبەتی خۆیان بووە کە پێشتر بە کورتی ئاماژەمان پێدا.

بەمئاوایە ئاخەرەکەی وای لێهات کە ئەو چوار ئینجیلەی ناسراو بە «لۆقا»، «مەرقۆس»، «مەتتا» و «یوحەننا» بەپیرۆز ناسران و ئەوانی دیکە توورهەڵدران. پێشتر باسمان کرد کە ئەم ئینجیلانە چ ناوەڕۆکێکیان هەیە و چ باس و بابەتێکیان لەخۆگرتووە. ئێستا جێی خۆیەتی ئیشارە بەوە بکەین و روونی بکەینەوە کە باشە، ئەی نووسەرەکانیان کێ بوون و کەنگێ نووسیویانن.

## ئینجیلە یاساییەکان بەدەستی کێ و کەی نووسراون

زانستی مێژوو هێشتا بەتەواوی وڵامی ئەو پرسیارانەی بۆ روون نەبۆتەوە. لەسەر ئەم بابەتە جیاوازی بیروبۆچوون لەناو زانایاندا هەیە، چونکا هێشتا ناکرێ "گریمانەیەکی زانستی" تۆکمە بخرێتە بەردەست و بە ناچار دەبێ بۆکردنەوەی گرێکان پەنا بۆ «گومان» و «لەوانەیە» ببرێ، ئەمەش بیروڕای جیاواز دەخولقێنێ.

ڕەنگە خوێنەر بپرسێ، باشە بۆچی دەبێ پەنا بۆ «گومان» و «لەوانەیە» ببرێ؟ من دەمەوی بە لێکۆڵینەوە و بە مەزندەی عەقڵ بزانم چ رووداوێك کەی و لەکوێ قەوماوە. بەڵام ئێمە دەڵێین دوور نیە «گومان» و «لەوانەیە» بەرەو ڕاستیمان نزیكبخەنەوە، ڕەنگە هەرخۆیان گەرای ڕاستییان تێدابێ. ئەوە ڕاستە کە «گریمانە» ئەگەر تۆکمە بێ و لەسەر بناخەیەکی پتەو داڕژابێ، لە هەر جۆرە «گومان» و



«لەوانەیە»ك باشترە، بەڵام بە پێچەوانەکەشی هەر راستە. واتە «گومان» و «لەوانەیە» دەتوانێ زۆر باشتر بێ لە «گریمانە»یەکی بنهەڵۆڵ و پووچەڵ کە بە زەبری زۆرەملی بیانەوێ بە پتەو و ساغی لە قەڵەم بدەن. لێرەدایە کە جیاوازی نێوان زانست و ئایین دەردەکەوێ. زانست بەگۆترە و لەخۆڕای باوەڕ بە هیچ شتێك ناکات، بۆ قایلبوون و دانان بە هەر دیاردەیەك بەڵگەی دەوێ. ئەگەر لەهەر کاتوساتێکدا نەیتوانی بە دڵنائییەوە ئەم یان ئەو گرێیە بکاتەوە و دەرەقەتی پرسیارەکانی نەیەت، ئەوا بەوپەڕی نیاز پاکییەوە دان بە لاوازییەکەی خۆی لەو بوارەدا دەنێ و دەستەوەستان نامێنێتەوە و درێژە بە لێکۆڵینەوەی خۆی دەدا و ڕێگا چارەسەرییەك دەخاتە بەردەست کە لەوانەیە دواتر بەباشی دەربچێ و راست و دروستبوونی خۆی بچەسپێنێ، یاخود هەر بەوجۆرەی کە زۆرجاریش رووی داوە، ڕێگا چارەسەرییەکی دیکەی بۆ بدۆزێتەوە.

تا ئەمرۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەشە جۆربەجۆرەکانی ئینجیل بە پچرپچری، لێرەولەوێ دۆزراونەتەوە و پارێزراون. ئەمانە تا ساڵی ١٩٣٥ خۆیان لە ١٤٠ پارچە نووسراوەیەك داوە و زۆربەشیان هی سەدەکانی نێوان ٤ تا ٨ی زایینی بوون. کۆنترینیان ـ بەقسە و بە بڕوای پسپۆڕانی ئەو بوارە ـ دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٠ی زایینی و لە ساڵی ١٩٣٥ لە میسر دۆزراونەتەوە و لەسەر کاغەزی تایبەت (پاپیرۆس) نووسراون. دەقی ئەم پارچە نووسراوانە لە گەڵ دەقی ئینجیلە یاساییەکاندا یەکناگرنەوە. تەنیا حەوت ئایەتیان نەبێ کە تا رادەیەك لە دەقی ئینجیلی ناسراو بە یوحەننا دەچن. [بەشی ٥ و لە ئایەتی ٣٩ بەدواوە] ئەوانەی دیکەیان ئەو ئینجیلانەن کە کلیسا بەتاڵیکردوونەتەوە.

هەر ئەوەندەی کە لە ساڵی ١٥٠ی زاینیدا دەقێك هەبوە کە ئەمرۆ لە ئینجیلی ناسراو بە یوحەننادا دەیبینینەوە، ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم ئینجیلە لەو کاتەدا هەبوە. زۆر ڕێی تێدەچێ ئەوکات ئەم چەند ئایەتەیان لە ئینجیلی یوحەنناوە وەرنەگرتبێ، بەڵکو بە پێچەوانە، کاتێ ئینجیلی یوحەننا نووسراوە، ئەم چەند ڕستەشیان هەروەك زۆر نووسراوەی دیکە وەرگرتبێ و تێیان هاویشتبێ. ئەگەر وانەبا دەبوو ڕاستەوخۆش زیاتر

ئاماژە بەو ئینجیلە درابا، شتی زیاتریان لێوەرگرتبا و بێشك دەبوو لاگیری خۆیان بۆ ئەو ئینجیلە نیشان دابا. بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەو پارچە دۆزراوانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٠ی زاینی هیچ جۆرە سەرەداوێك بەدەستەوە نادەن، بەرەو ئەوەمان ڕاکێشن کە بڵێین ئەودەم لانی کەم یەکێك لەو ئینجیلە یاساییانە لەگۆڕێدا بووبێ.

کۆنترین نوسخەی ئینجیلەکان کە تا ئەمرۆ کەموزۆر بە کامڵی لەبەردەستا ماون، ژمارەیان دەگاتە چوار دانە و تەمەنیشیان بۆ سەدەی چواری زاینی دەگەڕێنەوە. یەکێك لەوانە ناوی «کۆدکس سیناتیکۆس Codex Sinaiticus»ە وتا ماوەیەك لە کتێبخانەی «سالتیکۆف شچدرین» لە شاری لنینگراد هەڵگیرابوو. ئەم ئینجیلە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ و لە لایەن کەسێك بە ناوی «تشیندۆرف Tischindorf» لە یەکێك لە دەیرەکانی سەحرای سینا دۆزرایەوە. ئاشکرایە کە ناکرێ لەرووی نوسخەی بە دەست نووسراوی سەدەی چوارەوە دیاری بکرێ کە ئینجیلە سەرەتاییەکان چ کاتێك و لە چ هەلومەرجێکدا سەریان هەڵداوە. لە ڕاستیدا هیچکام لەمانە ئەسڵ نین و ڕوونووس کراونەتەوە. باشیش دەزانین کە ئینجیلەکان نەك لە سەدەی چوار بەڵکو زۆر پێشتر لەو مێژووە سەریان هەڵداوە.

دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، کە چوار ئینجیلە یاساییەکەی ئێستا لەگەڵ ئەو ئینجیلانەی کە هەر لە سەرەتاوە ئەو ناوانەیان هەبوە، وێك ناچن. هەر لە ڕوونووس هەڵگرەکانەوە بگرە هەتا وەرگێڕ و میرزابنووسەکانیش زۆریان لێ گۆڕیون. ئێمە هێشتا زانیاریمان لەسەر ناوەڕۆك و دەقی نوسخەی سەرەکی ئینجیلەکان نیە، هەر ئەمەش کاری دۆزینەوە و هەڵدانەوەی بناوانەکەیانی دژوارتر کردووە. بەهەرحاڵ ئەمڕۆ هەرچەند بە دڵنیاییەکی تەواوەوە ناتوانین بڵێین کە فلانە یان فیسارە ئینجیل کەی و لە چ ساڵێك، یان دەیەی چ سەدەیەك و بە دەستی کێ نووسراون، بەڵام لە گەڵ ئەوانەشدا دەتوانین بڵێن کە ئەم بابەتە ئەوەندەش تاریك نییە و گەلێك لە لایەنەکانی تا ڕادەیەکی زۆر روون بۆتەوە.



سەرەتا جێی خۆیەتی بڵێین کە ئەم ئینجیلانە لە لایەن کەسانێکەوە بە ناوی «لۆقا»، «مەتتا»، «مەرقۆس» و «یوحەننا» نەنووسراون. پیاوە ئاینییەکانی ئۆرتۆدۆکس کاتێ هاتوون ئینجیلەکانیان هێناوەتە سەر زاراوەکانی کلیسایی «ئیسلاو» بە زمانی رووسی ئاوایان نووسیون: «ئینجیلی لۆقا»، « ئینجیلی مەتتا»، «ئینجیلی مەرقۆس» و « ئینجیلی یوحەننا»، ئەمە هەڵەیەکی بەرێکەوت نەبوە، فێڵ و دەهۆیەکی ئاشکرای تێدایە. ویستوویانە بەجۆرێك بیگەیەنن کە گۆیا ئینجیلەکان لە لەیەن کەسانێکەوە بە ناوەکانی «لۆقا»، «مەتتا»، «مەرقۆس» و «یوحەننا» نووسراون. لەحالێکدا لە دەقە یونانییەکەیدا ئەم ناوانە بەوجۆرە، وەك ناو و ئاوەڵناو پێکرا نەهاتوون. بەڵکو لەنێوانیاندا وشەی «کاتا Kata»، بە مانای "ناسراو" یان "گوتەنی" هەیە و دەبوا وەرگێڕانەکەشی ئاوا با: «ئینجیلی ناسراو بە لۆقا»، « ئینجیلی ناسراو بە مەتتا» یاخود «ئینجیلی مەرقۆس گوتەنی» و « ئینجیلی یوحەننا گوتەنی». بەمجۆرە دەبینین ئەم دوو ناوانە زۆر لە یەکتر دوورن.

لە سەردەمانی کۆندا زۆرجار وا ڕێدەکەوت کە نووسەرێك بۆ بەرزکردنی نرخ و گرینگیی کتێبەکەی، دەهات ناوکی بەرهەمەکەی بە ناوی کەسێکی ناسراو و سەربەدەرەوە دەبری. یان ئەوەتا بە ناوی پێغەمبەرێك یان پیاوچاکێکی دەبەستەوە[1]. بۆ ئینجیلەکانیش شتی هەر لەم بابەتە روویان داوە. ڕەنگە جیاوازییەکەی ئەوە بووبێ کە ئەم نووسەرانە خۆیان ئەمەیان نەکردبێ، بەلکو بەڕێوەبەرانی کلیسای مەسیحی کردبێتیان.

کاربەدەستانی کلیسا بۆخۆیان دان بەم ڕاستییەدا دەنێن. بۆ نمونە «ژان کریزوستوم Jan Chrysostum»، یەکێك لە پیاوە ئاینییەکانی کلیسا، ڕەپوراست نووسیویەتی کە لە کۆتایی سەدەی دووی زاینیدا بوو کە ناوی نووسەری ئینجیلەکان بەمجۆرە کرا کە

١- هەر بەوجۆرەی کە مەولانا جەلالەلدینی رومی دیوانە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی شەمسی تەوریزی، عارفی گەورەی سەدەی حەوتەم کردووە. (م. قازی)

ئەمرۆ هەیە. ئەم ئینجیلانەیان بە ناوی کەسانێکەوە بەستۆتەوە کە گۆیا خوێندکار و قوتابیی عیسا بوون تا خەڵك باشتر باوەڕ بەو سەربردە سازکراوانەی ناو کتێبەکە بکەن.

سێ ئینجیلی یەکەم لە زۆر شوێندا لە یەك دەچن. ئەمە لە دوو حاڵ بەدەر نیە. یان هەر سێك ئینجیلنووس کتێبەکانیان لە رووی ئینجیلی چوارەمەوە روونووسکردۆتەوە یان ئەوەتا یەکێکیان سەرەتا ئینجیلەکەی خۆی نووسیوە و ئەوانی‌تر بە هەڵگێڕو وەرەگێڕکردنەوە و دەستێوەردان دایانڕشتۆتەوە. زانایان پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەوە گەیشتوون کە دەبێ گریمانەی دووهەم راستتر بێ. یانی سەرەتا یەك ئینجیل بووە و دواتر دوو ئینجیلەکەی دیکە لە رووی ئەوەوە، هەڵبەتە بە دەستێوەردان و ئاڵوویرکردن نووسراونەتەوە. بەڵام کامەیان پێشتر نووسرا بوون؟

ئینجیلی ناسراو بە «مەرقۆس» لە دوانەکەی دیکە زۆر کورتترە، زۆر لەو حیکایەتانەی تێدا نیە کە لەو دووانەی دیکەدا هەن. ئەم ئینجیلە ڕاستەوخۆ لە ئاوهەڵکێشانی عیساوە، بە دەستی یەحیای خەڵك لە ئاو هەڵکێش، دەستپێدەکات، لەم ئینجیلەدا هیچ خەبەرێك لەو ئەفسانانەی وەك ـ فووتێکردنی رۆحی پیرۆز لە مریەم و لەدایك بوونی عیسا و هەڵاتنیان بۆ میسر و منالیەکەی عیسا ـ بەدی‌ناکرێ.

ئەگەر ئەم ئینجیل نووسە کەڵکی لەوانی دیکە وەرگرتبا، بێ‌گومان چاوی لەو حیکایەت و ئەفسانانە نەدەپۆشی، بەڵکو دەیخستە ناو ئینجیلەکەی و بگرە شتێکیشی سەردەخست. بەڵام نیشانەکان زیاتر پێچەوانەکەی دەردەخەن، یانی دوو ئینجیلەکەی دیکە [واتە «ئینجیلی ناسراو بە لۆقا» و «ئینجیلی ناسراو بە مەتتا»] «ئینجیلی ناسراو بە مەرقۆس»یان کردۆتە ژێدەر و چاوگەی خۆیان، روونووسیان کردۆتەوە و بە کەیفی خۆیان حیکایەت و ئەفسانەیان سەرخستوون.

شتێکی دیکەش هەیە کە زیاتر رووناکی دەخاتە سەر ئەم بابەتە و یارمەتی بە کردنەوەی ئەو گرێیە دەدات. ئەویش ئەوەیە کە: «ئۆزیب[2] Eusebe» لە کتێبەکەیدا بە

٢- مێژووناسی کلیسا و مەترانی «قەیسەرییە»بووە و لە سەدەی چواری زاینییدا ژیاوە.



ناوی «مێژووی زانایانی ئایینی» ناو لە کتێبی مەترانێك بە ناوی « پاپیاس هیراپلیس» دەبات کە لە ناوەراستی سەدەی دووەدا ژیاوە. هەرچەند تا ئێستا کتێبەکەی ئەو مەترانە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام «ئۆزیب» لە کتێبەکەیدا چەند بەشێکی دەگێڕێتەوە و لەو بەشانەدا ئاماژە بە ئینجیلی مەرقۆس کراوە.

هەر ئەو چەند بەشەی کتێبەکەی «پاپیاسPapias» کە «ئۆزیب» باسی لێوەدەکات، بەم چەند ئەنجامەمان دەگەیەنێت.

١. ئینجیلی ناسراو بە مەرقۆس لە سات و سەردەمی «پاپیاسPapias»دا هەبووە.(ناوەڕاستی سەدەی دوو)

٢. ئەم ئینجیلە وەك ئەوەی ئەمرۆ نەبوە کە لەبەر دەستدایە، «پاپیاس» دەڵێ: مەرقۆس بە بێ هیچ نەزم و تەرتیبێك هەموو ئەو شتانەی نووسیوەتەوە کە «پەترۆس» بۆی گێڕاوەتەوە. بەمجۆرەی کە «پاپیاس» دەڵێ، رووداوەکان لەو ئینجیلەدا بە پێی ساڵ و سەردەم دانەڕێژراون، کەچی دەبینین ئینجیلی مەرقوسەکەی ئێستا تا ڕادەیەك نەزم و تەرتیبێکی تێدایە و لە "داستانێکی" تا رادەیەك ڕێکوپێك دەچێ.

٣. مەسیحییەکانی ئەوکات کتێبە "پیرۆز"ەکانیان هێندە بە لاوە بەرێز و پیرۆز نەبوە، ئەوەتا «پاپیاس» بۆخۆی دەڵێ، زیاتر متمانەی بە ریوایەتە دەماودەمەکان هەیە نەك نووسراوە.

۴. تا ماوەیەکی یەکجار زۆر دوای سەرهەڵدانی ئینجیلە سەرەتاییەکانیش هێشتا گەلێك بەیتوباو و ئەفسانەی جۆربەجۆر لەسەر ژیانی عیسا و مردنەکەی باس دەکرا و دەماودەم دەگەڕا. کەوابوو ڕێی‌تێدەچێ کە نووسەرانی‌دیکەی ئینجیلە جۆربەجۆرەکانی‌تر دواتر حیکایەتەکانی خۆیان لەو ئەفسانە باوانەی ناو خەڵك وەرگرتبێ. لە ڕاستیدا وایان کردووە و بەمجۆرە ناکۆکی و تەمومژی ناو ئینجیلەکانیان پتر کردووە.

بەهەرحاڵ ئێستا با بزانین ئینجیلی ناسراو بە مەرقۆس کەی نووسراوە. زانا ئاینییەکانی کلیسا دەبێژن کە هەموو ئینجیلەکان دەبێ کەمێك دوای مردن و هەستانەوەی عیسا، واتە ئەو کاتانە نووسراون کە هێشتا یادی ئەو رووداوانە لە بیرەوەرییەکاندا هەر تەڕوتازە بووە. بەڵام ئەمە هەر قسەیە و فڕی بە ڕاستییەوە نەداوە.

لە «نامیلکەکان Les Epitres»دا[3] هیچ ئاماژەیەك بە ئینجیلەکان نەکراوە. نامیلکەی «بێرنابە» تا ئەمڕۆ هەر ماوە و لە دەوروبەری ساڵی ١٢٥ نووسراوە، مێژووی نامیلکەی «شوان»ی هێرمێس دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٤٠ و نامیلکەی «دیداخە Didakhe»ش یان «تەریقەتی دوانزە قوتابی» لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠ و ١٤٠ی زاینییدا نووسراوە. ئەم نامیلکانە هیچ باسێکیان لە ئینجیلەکان نەگێڕاوەتەوە و هیچ ناوێکیان لێ نەهێناوە و تەنانەت هیچ لاگیری و ئاماژەیەکیشیان پێ‌نەکردوون. نامیلکەی «ئێرنەIrenee» ساڵی ١٨٠ی زاینیی نوسراوە. ئەمە یەکەم نامیلکەیە کە باسی ئینجیلەکانی تێداکراوە. بە ڕواڵەت یەکەم ئینجیل کەمێك بەر لە ساڵی ١٥٠ زاینیی سەری دەرهێناوە و تا گەیشتۆتە سەردەمی «ئیرنەIrenee» [ئاخروئۆخری سەدەی دووی زاینیی] ئیتر کەم و زۆر ناسراوە. دواتریش ئینجیلەکانی ناسراو بە لۆقا و مەتتا ـ بەکەڵك وەرگرتن لە ئینجیلی ناسراو بە مەرقۆس ـ لە سەدەی دوودا نووسراون.

پایەبەرزانی کلیسا ئینجیلی چوارەم بۆ یوحەننای قوتابی دەگێڕنەوە. بەڵام ئەمەش هەروەك ناوی ئینجیل نووسەکانی دیکە داتاشراو و هەڵبەستەیە. گەلێك لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەی زۆر دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامەی کە ئینجیلی ناسراو بە یوحەننا لەوانەیە دوای ئینجیلەکانی‌تر نەك پێشتر لەوان نووسرا بێ. زانایەکی فەرانسەیی بە ناوی «دلافۆس H. Delafosse» لە ساڵی ١٩٢٥دا کتێبێکی بە ناوی «ئینجیلی

٣ ـ ئەم نامانە لە لایەن کەسایەتییە جۆربەجۆرەکانی بەرایی دیانەتی مەسیح و بەر لە ساڵی ١٥٠ی زاینیی نووسراون.



چوارەم» نووسیوە. ناوبراو زۆری لەسەر ئەم ئینجیلە کۆڵیوەتەوە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ ئینجیلی ناسراو بە یوحەننا لە بنەڕەتدا لە لایەن یەکێك لە قوتابییەکانی «مارسیون»ی لادەر نووسرا بێ و چەند ساڵێکیش دواتر لایەنگرێکی «مارسیون» دەستی تێوەرداوە و بەشی ٢١ و بەشێك لە ئامۆژگارییەکانی عیسا لە «شانۆی پیرۆز»ی لێ زیادکردووە. سەرەنجام لاگرێکی دیانەتی فەرمیی مەسیحیی لە ساڵەکانی نێوان ١٧٠ تا ١٧٥ی زاینیی یەکلایی کردبێتەوە و بۆ ئەوەی لەبەرچاوی مەسیحییەکانی قورس و قایم و شیرینی بکات و متمانەیەکی زۆرتری پێ بکەن، ناوی یوحەنناشی سەرخستووە، کە دەڵێن یەکێك لە قوتابییەکانی عیسا بووە.

زۆر ئەستەمە بە دڵنیاییەوە بڵێین کێ و کەی و چەند جار دەبێ دەست لەم کتێبە "پیرۆزانەی کە گۆیا بە ئیلهامی خودا هاتونەتە گۆڕ"! درابێ، هەڵگێڕووەرگێڕ کرابنەوە، پووخت یان بەراوەژۆ کرابێتنەوە! بەڵام بێ‌گومان کراون و چەند جارێکیش دەستیان تێوەردراوە. فەیلەسوفێکی رومی بە ناوی «سیلسCelse»، کە لە کۆتایی سەدەی دوودا ژیاوە، وەبیر دەخاتەوە کە عیساییەکان سێ جار و چوار جار و تەنانەت زۆرتریش دەستیان لە ئینجیلەکان داوە و چەند جاریش نووسیویانەتەوە. بەمئاوایە نابێ سەیر بێت کە جیاوازی و ناکۆکی لە هەر بەشێکیان، یان لە زۆربەی هەر لاپەڕەیەکیاندا دەبیندرێ. ئەم بابەتە بە ئاشکرا دەری دەخات کە ئینجیلەکانیش وەك هەموو ئەو کتێبانەی دیکە کە «بە پیرۆز» ناسراون ژێدەر و چاوگەی ئینسانی و ئەم دنیاییەیان هەیە و جگە لەمە هیچ شتێکی دیکە نین، چونکا هیچ شتێکی ئەو دنیای دیکە و لە دەری سرووشت لە گۆڕێدا نیە.

کۆتایی بەشی شەشەم

درێژەی هەیە